




# کوادکۆپتەرێک ڤیدیۆی K8 تۆمار دەکات

کوادکۆپتەر یا فڕۆکە بچووکە بێ فڕۆکەوانەکان، یا کامێرە فڕۆکەکان لەم سەردەمەدا شوێن و ڕۆڵێکی گرنگ لەبواری تۆمارکردنی فیلم و ڤیدیۆ بە کوالیتی بەرز و لە بەرزاییەوە دەگێڕن.

جۆری کوادکۆپتەرەکان گەلێکن، جۆری وا هەیە کامێراکەش بەشێکە لە خودی ئامێرەکە، هەندێکیشیان کامێرای تایبەتیان بۆ دادەنرێ. کوادکۆپتەری جۆری EVO II کە بەرهەمی کۆمپانیای Autel Robotics تایبەتمەندییەکی بەرزی هەیە، هەم کامێراکەی بەهێزەو ٤٨ میگاپیکسلە و بە کوالیتی k8 فیلم هەڵدەگرێتەوە. هەم خودی کوادکۆپتەرەکەش بەهێزە و توانای هەیە ٤٠ خولەك بە خێرایی ٧٢ (کم) بەبێ شەحن بە ئاسماندا بفڕێت.

ئەو هاوێنانەی لە کامێراکەدا بەکارهاتوون ٣٥ ملم و زۆر پانن و دەتوانن لە شەو و شوێنی تاریکیشدا وێنەبگرن.



# فڵچەی هۆشمەند کلسی سەر ددان لادەبات

لە پێشانگای CES ئەمساڵدا کۆمەڵێك فڵچەی ددان زیرەك نمایش کران. فڵچەی ددانی زیرەك ستایلەکەی وەك فڵچەی ددانی ئاساییە، بەڵام لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیاری تایبەت بە ددان شوشتن و کاتەکانی ددان شوشتن و چۆنییەتی ددان شوشتن بۆ مۆبایلەکە بەری دەکا.

یەکێك لەو فڵچە سمارتانە Colgate Plaq-less Pro یە. فڵچەی ناوبراو جگە لە ددان شووشتن، دەتوانێت بەتەواوی کلسی سەرددانەکان لابەرێت. چۆنییەتی لابردنی کلسی سەر ددان لە ڕێگای تیشکێکی تایبەتییە کە کاری ڕنین و لابردنی کلسەکە دەکات.

گشت تایبەتمەندی خاوێنکردنەوەی ددان، جۆرەکانی خاوێنکردنەوە، ئەپلکەیشنی ڕێنوێن، هەستەوەری فیلم هەڵگرتنەوە لە ددان لە فڵچە هۆشمەندەکەدا هەیە.




# دینگڵێک گشت وای

ئێستا کێشەیەك کە هەم دیکۆر و ستایلی ژوور تێکدەدا و هەم گرفتی وزەی هەیە، ئەویش ئەو سیم و وایەرانەیە کە لە تیڤی و ئامێرەکانی دیکەدا هەیە، بۆ نموونە بۆ پەیوەندیی نێوان ستەلایت و تیڤی دەبێ وایەر هەبێ، بۆ تیڤی و DVD پلەیەر دەبێ وایەر هەبێ، بەگشتی بۆ هەر ئامێرێك وایەری خۆی دەبێ هەبێ. کۆبوونەوەی ئەم گشت وایەرە دیمەنێکی ناشیرین دروست دەکات و هەم کێشەی وزەیشی هەیە.

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا دینگڵێك بەناوی TiVo Stream 4K نمایش کرا کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە ئەو هەموو سیم و وایەرانە لابەرێت و



# ئەو تۆپە بچووکە و ئەو هەموو ئەرکە!

ئەو وێنەیەی دەبینن زۆر وەك تۆپێکی یاریکردن دەچێت، بەڵام چ تۆپێك؟! تۆپێك کە ڕۆبۆتێکی تەواوە بۆخۆی و زۆربەی ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات.

لە پێشانگای ساڵانەی CES 2020دا سامسۆنگ ڕۆبۆتی جۆری Ballie ی خستەڕوو، ڕۆبۆتێکی زیرەك کە بە چاوە کامێراکەی چاودێریی ماڵەوە دەکات. ڕۆبۆتەکە کۆنترۆڵی تەواوی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی ماڵەوە دەکات، تەلەڤزیۆن و سپلێت و بەفرگر و و پەردەی زیرەك و ... دەکات.

کە ڕووناکی زۆر بوو تیشکی خۆر هاتە ژوورەوە پەردەکان دادەداتەوە، کە ماڵەکە پیس بوو فەرمان بە گەسکی کارەبایی دەکات خاوێنی بکاتەوە. لە کاتی نووستنی بەکارهێنەرکەی مۆسیقای بۆ لێدەدات، هەواڵەکانی ڕۆژانەی بۆ دەخوێنێتەوە. زانیاری تایبەت بە کەش و هەوا بڵاودەکاتەوە. جگە لە ئەرکەکان وەك گیاندارێکی ماڵەوەش بە دوای خاوەنەکەی دەکەوێت. هەروەها لە کاتی وەرزش کردندا یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەبێت بۆ ڕاهێنانی وەرزشی.





## ...ەرەکان ناهێڵێت

بەشێوەیەکی دیکە ڤیدیۆ و کەناڵەکان بڵاوبکاتەوە.

کارکردی سەرەکی ئامێرەکەیە ئەوەیە کە کەلێنێکی HDMI دەگوازێتەوە بۆ ڕسیڤەرێکی دەرەکی و لەوێوە دەتوانی ئەوەی مەبەستتە ئەنجامی بدەی.

ڕاستەوخۆ خزمەتگوزارییەکانی وەك Sling TV، Netflix، Amazon Prime Video، HBO، You-tube...تاد بەبێ وایەر بۆ تیڤی دەگوازێتەوە. هەرچەندە زۆربەی تیڤیە سمارتەکان خۆیان ئەم خزمەتگوزارییانەیان تێدایە. جگە لەوانەش وێبگەڕێکی تایبەتی تێدایە کە دەتوانی پرۆگرامی خزمەتگوزاری دیکەشی پێوە زیاد بکرێ.




# ئەندرۆید بۆکس چییە؟

ئەندرۆید بۆكس (android box)
ئامێرێكی بچووكە قەوارە و كارایی ئامێرەكان جیاوازە، بەڵام بەگشتی ئەرك و كاری ئەندرۆید بۆكس ئەوەیە كە تیڤیە سادەكان وەك تەلەڤزیۆنێكی سمارت لێبكا.

تەلەڤزیۆنە زیرەكەكان لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێن و كۆمەڵێك تایبەتمەندی و خزمەتگوزاری تێدایە كە لە رێگای ئینتەرنێتەوە وەردەگیردرێن. ئەندرۆید بۆكس وەك مۆبایلێكی زیرەك دەچێت، زۆربەی خزمەتگوزارییەكانی وەك ئیمێل، فەیسبوك، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە، یوتیوب، خزمەتگوزاری تیڤیە ئۆنلاینەكان... تاد لەو ئامێرەدا كۆكراونەتەوە.

بەكارهێنەری ئەندرۆید بۆكس دەتوانێ سوود لە زۆربەی ئەو یارییانە وەربگرێ كە مۆبایلدا هەن، دەكرێت دەسكی گەیم و كیبۆردی تایبەتی ئەندرۆیدی بۆ دابندرێ. خزمەتگوزاری تۆڕەكانی فیلم، یاری، تیڤیەكان لەو ئامێرەدا بەردەستن. بە ریمۆت كۆنترۆڵ دەكرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت من لاپتۆپ بەكار دێنم جار هەیە لەبیرم دەچێت بیكوژێنمەوە و یەكسەر پێكیوەدنێمەوە. دەكرێت هەر كاتێك پێكم وەنایەوە خۆی بكوژێتەوەو پێویست بە كوژانەوە نەكات؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەمە زۆر ئاساییە، بۆ ئەم كارە پێویستە لەسەرەتا بچیە سەر بەشی power options، بچوونە سەر ئەم بەشە دەكرێت ئەم دەستەواژەیە لە ویندۆزەكەت سێرچ بكەی و دواتر پەنجەرەیەك دەكرێتەوە، ئەوكات بچوو سەر بەشی Choose What Closing The Lid Does و هێما و ئایكۆنەكان دیارن. لە ئایكۆنی ئەو بەشەی كە داخستنی لاپتۆپەكەیە فەرمانی shut dwon لێبدە و ئەوكات فەرمانی save لێبدە.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی

مۆبایلە هۆشمەندەكان پڕن لە وێنە. هەر دیمەنێك سەرنجت رابكێشێ، دەستبەجێ مۆبایلەكەت دەردێنێ و وێنە دەگرێ. لەگەڵ ئەوەیدا سەردەمی وێنەیە، بەڵام كەم كەس و لە كەم ماڵدا ئەلبۆم هەیە، نەوەی ئەم سەردەمە نەوەی بێ ئەلبۆمییە.

پرۆگرام گەلێكی زۆر هەن بۆ دروستكردنی ئەلبۆمی دیجیتالی، یەكێك لەو پرۆگرامانە، PowerProducerە.

پرۆگرامێكی بەتایبەتمەندییەكی زۆر، بەكارهێنانی ئاسان. بە دڵنیاییەوە ئەوانەی ئەو پرۆگرامە بەكار دێنن دواتر ناتوانن دەستی لێهەڵبگرن.

لە ماوەیەكی كەمدا بەهۆی ئەم پرۆگرامە لە وێنەكان جوانترین ئەلبۆم دروست دەكرێت.

پرۆگرامەكە لە CD و DVD و تەنانەت Blu-ryیش پشتیوانی دەكات. دەكرێت بۆ ڤیدیەكان مینۆش دابندرێ و ئەلبۆمەكان بەپێی وێنەكان ریزبەندی بكرێن.

دەكرێت ئەلبۆمەكان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا وەك یوتیوب و فەیسبوك هاوبەش بكەی.



# تەبلێتێک بۆ نووسین و وێنەکێشان

تەبلێتەكان لە راستیدا مۆبایلێكی مەزنن یا لاپتۆپێكی بچووك. هەموو ئەو ئەرك و فەرمانانەی لە مۆبایلدا ئەنجامیان دەدەی بە تەبلێتیش ئەنجام دەدرێن. تەبلێتەكان زۆرتر بۆ خوێندنەوەن، بەڵام تەبلێتی جۆری reMarkable بۆ خوێندنەوە نییە و بەڵكو بۆ نووسینە.

ئەم تەبلێتە دەكرێت وەك وایت بۆردێكی زیرەك سوودی لێوەربگری، دەتوانی یادداشتی رۆژانەت بە قەڵەم یا بە پەنجەكانت لەسەری بنووسی و دەشكرێ وێنەشی لەسەر بكێشرێتەوە. كێشی تەبلێتەكە ٣٥٠ گرامە. كاتێك لەسەر تەبلێتەكە دەنووسی وەك ئەوە وایە لەسەر كاغەزێكی ئاسایی بنووسی. رێك بەقەد كاغەزێكی A4ە.

ئەو دەقانەی دەنووسرێن لە ژێر تیشكی خۆر یا گڵۆپێكی بەهێز بەئاسانی دەخوێندرێنەوە. شاشەكەی ١٠ ئینجە و لە خوارەوەی سێ دوگمە هەیە. قەڵەمێكی تایبەتی لەگەڵە، بەڵام بەقەڵەمی ئاسایش دەتوانرێ سوودی لێوەربگیرێت. تەبلێتەكە لەگەڵ مۆبایل و كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ. تەبلێتەكە ٨ گیگابایتە و دەكرێت سەدان لاپەڕەی تێدا بنووسی. هەركاتێك شەحن كرایەوە هەتا ٥ رۆژ پێویستی بە بارگاوی كردن نییە.



## ماڵپەڕێک بۆ مۆنتاژکردنی ڤیدیۆ

پرۆگرامەكانی تایبەت بە مۆنتاژ و دەستكاری كردنی ڤیدیۆ گەلێكن، بەڵام جاری وا هەیە لەسەر كۆمپیوتەرەكەت هیچ پرۆگرامێكی تایبەت بە دەستكاری و مۆنتاژی ڤیدیۆی تێدا نییە، تۆش پێویستە فیلمێك مۆنتاژ بكەی، لەكاتێكی وادا ماڵپەڕی Wevideo.Com رێگا چارەیە. كاتێك لە ماڵپەڕەكەدا هەژمارێكی تایبەت بەخۆت كردەوە، دەتوانی فیلمەكانی خۆت دابگریە ناو ماڵپەڕەكە و هەموو ئەو ئامرازانەی كە پێویستن بۆ دەستكاری كردنی فیلم، وەك بڕین و كەرت كردن، دەباڵێك خستنەوەی، گۆڕینی دەنگ، دانانی ژێرنووس لەو ماڵپەڕەدا هەن. وەك ئەوە وایە پرۆگرامێكی بەهێزی تایبەت بە مۆنتاژت لەلابێ.

## ئامێرێک بۆ خەوێکی ئاسوودە

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا كۆمەڵێك ئامێری دیجیتالی بۆ خەوتن و چاودێری خەو نمایش كران، وەك سەرپێچ (هێدبەند)، دۆشەكی زیرەك، هەستەوەری ژێر تەختی خەو.. یەكێك لەو ئامێرانەی لە پێشانگاكەدا خرانەڕوو ئامێری Restoreبوو.

ئەم ئامێرە زۆرتر وەك كاتژمێرێكی سەرمێز دەچێت، بۆ كاتی نووستن مۆسیقایەكی ئارام بڵاودەكاتەوە، رووناكییەكی ئارامبەخشی هەیە. دەكرێت دەنگی سروشتی وەك خوڕەی ئاو، گفەی با، دەنگی ناو دیمەنی دارستان وەك دەنگی مەل و گیانداران، یا هەر مۆسیقایەك كە خۆت حەزی لێدەكەی بڵاودەكاتەوە. ئەوكاتەی كە بەكارهێنەر كەوتە خەوێكی قوڵەوە لەخۆیەوە دەنگ و رووناكییەكە نەمێنێت. ئەگەر لە شەویشدا لەخەو هەستا دیسان بیخەوێنێتەوە. هەروەها بۆ كاتی لە خەوهەستانیش مۆسیقا یا دەنگێكی تایبەتی وەك دەنگی مەل و باڵندە بڵاودەكاتەوە.

